

خوێندنەوەیەک بۆ سێ ڕۆمانی جیاواز

بوێری گێڕانەوە لە ڕۆمانی «سەردەمی هەڵەکان»دا

بەڕێز عەباس
(کەلار)

محەمەد شوکری نووسەر و ڕۆماننووس و شانۆنامەنووسی مەغریبی، لەناو خوێنەرانی کورددا بە ڕۆمانی «نانی ڕووت» ناسرا کە بەشێوەیەکی بوێرانە و ڕاستگۆیانە لە ژیانیدا چی بەسەر هاتووە لەو ڕۆمانەیدا گێڕاویەتییەوە، هەر ئەمەیش وای کردووە لە لایەن خوێنەرانەوە نەوەک تەنیا لای کورد، بەڵکوو لای خوێنەرانی عەرەبی و جیهانیش! پێشوازییەکی زۆر لە کتێبەکانی بکرێت، کتێبەکانی بۆ هەندێک لە زمانەکانی جیهان وەرگێڕراون، شوکری لە سێ ڕۆمانی یەک بەدوای یەکدا کە بریتین لە ڕۆمانی (الخبز الحافي «نانی ڕووت») بە زمانی عەرەبی لە ساڵی ١٩٧٢وە تا ساڵی ١٩٨٢ بڵاوکرایەوە، (زمن الأخطاء «سەردەمی هەڵەکان» کە ساڵی ١٩٩٢ بڵاوکراوەتەوە) لەگەڵ ڕۆمانی (وجوه- سیماکان) چۆن ژیاوە، بەو شێوەیە بەسەرهات و نەهاماتییەکانی خۆی دەگێڕێتەوە. بەشی دووەمی سیانەی ڕۆمانی «سەردەمی هەڵەکان» ئەم ساڵ لەلایەن هەمان وەرگێڕی کوردی «نانی ڕووت» دوکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵا بە کوردییەکی پاراو لە زمانی فەرەنسییەوە وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی و لە لایەن دەزگای ڕۆشنبیری (جەمال عیرفان)ـەوە لە سلێمانی بە قەبارەی ٢٧٨ لاپەڕە چاپ و بڵاوکرایەوە.

لە «سەردەمی هەڵەکان»دا محەمەد شوکری وەک تەواوکەری ڕۆمانی «نانی ڕووت» بەردەوامی بە گێڕانەوەی ژیانە کولەمەرگییەکەی دەدات و بێ پەردە چۆنێتی بەڕێکردنی ژیانی لەناو زیندان و تلیاک کێشانی و نەخۆشخانە و قاوەخانە و بار و یانەکانی شەوانە و شوێنەکانی لەش فرۆشی و چۆنێتی بەریەککەوتنی لەگەڵیان دەگێڕیتەوە، کات لە ڕۆمانەکە لەنیوەی دووەمی ساڵانی پەنجاکانەوە تا کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوو بە دیاریکراوی لە ساڵی ١٩٥٦ـەوە دەست پێ دەکات، کە ئەو کات تەمەنی بیست و یەک ساڵ دەبێت تا ئەو کات

شـوکری خوێنـدەواری و نووسـینی نەزانیـوە و لـەو تەمەنـەوە هـەوڵ دەدات فێـری نووسـین و خوێندنـەوە بێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتە بڕیـاردەدات لـەو تەمەنـەوە بچێتـە خوێندنگـە بـە ئامانجـی ئـەوەی فێـری خوێندنـەوە و نووسـین بێـت، نامۆبوونـی لـەو کاتـەوە دەسـت پـێ دەکات، بـەو تەمەنـەوە دەچێتـە خوێندنگەیەکـی سـەرەتایی و بـەو ڕیـش و سـمێڵەوە لەگـەڵ کۆمەڵێـک فێرخـواز دادەنیشـێت کـە هیچیـان تەنانـەت تەمەنـی نزیکـی ئەویشـیان نییـە، هـەر لێـرەوە تووشـی چەنـدان گرفـت و نەهامەتـی جیـاواز دەبێتـەوە! شـوێنی ڕووداوەکانـی نـاو ڕۆمانـی سـەردەمی هەڵـەکان، وڵاتـی مەغریبـە لەنێـوان شـارەکانی تەنجـە و وەهـران و تەتـوان و ڕیـف و عەرائیـش و گەڕەکـە جیـاواز و کۆڵانەکانـە، جـار بەجاریـش ئامـاژە بـە دەسـەڵاتی سـتەمکارانەی دیکتاتـۆری ناسـراو فرانکـۆی ئیسـپانی دەکات.

شـوکری پەڕاگەنـدەی ئـەم شـوێن و ئـەو شـوێن بـووە و هەمیشـە لـە شـوێنێکدا نەگیرسـاوەتەوە و دەربەدەربـووە و برسـێتی و هـەژاری هاوڕێـی بەردەوامـی بـووە، بـەڵام پرسـیار ئەوەیـە، شـوکری لـە ژیانێکـی هەژارانـە و برسـێتیدا، هەروەهـا میوانێکـی بەردەوامـی بـاڕەکان و قاوەخانـەکان و ئافرەتانـی لەشفرۆشـدا جاربەجاریـش زینـدان و نەخۆشـخانەکان، یـان خووگرتـن بـە تلیاکـەوە، لـە ژیانێکـی بـەو شـێوە پەراوێزخـراوەدا چـۆن بـوو بـە ئەدیبێکـی لـەو چەشـنەی ئێسـتا، یـان چـۆن توانیویەتـی بـەو تەکنیکـە سەرنجڕاکێشـە لـە ڕێگـەی ئەدەبـەوە ژیاننامـەی خـۆی بنووسـێتەوە و خوێنـەران بـۆ لای خـۆی کەمەندکێـش بـکات و ڕەخنەگرانیـش بـە گرنگییـەوە لەسـەر بەرهەمەکانی بنووسـن!؟ دەکرێـت وەڵامـی ئـەو پرسـیارەمان هـەر لـە خوێندنـەوەی «سـەردەمی هەڵـەکان» خۆیـەوە دەسـت بکەوێـت، ئەویـش ئەوەیە شـوکری خوێنەرێکـی زۆرباش بـووە، خوێنـەری کتێبەکانـی نووسـەرانی جیاجیـای بەناوبانگـی عەرەبـی و جیهانـی بـووە و لـە هەرکـوێ بـۆی لوابێـت، کتێبـی دەسـت خسـتووە و خوێندوویەتییـەوە، لـە سـەردەمی هەڵـەکان نـاوی چەنـدان نووسـەر و کتێبـی جیاجیـا دەهێنیـت. شـوکری پێوەنـدی لەگـەڵ باوکیـدا بـاش نەبـووە و هەمیشـە بـە نەرێنـی لەسـەری دەدوێـت، بـەڵام بـە پێچەوانـەوە سـۆزی بـۆ دایکـی ناشـارێتەوە، لە چەند شـوێنێکدا ئـەو سـۆزەی بـۆ دایکـی بەیـان دەکات، شـوکری نـەوەک تەنیـا بـە ئاشـکرا و ڕوونـی ڕووداوەکانـی ژیانـی خـۆی دەگێڕێتـەوە، بەڵکـوو ژیـان و نهێنـی ئـەو کەسـانەش دەگێڕێتـەوە کـە ڕۆژێـک لـە ڕۆژان هاوڕێـی بـوون، یـان بەریەککەوتنـی لەگەڵیـان هەبـووە! شـوکری لـە شـوێنێکدا لەبـارەی دەردەسـەرییەکانی ژیانـی خـۆی دەنووسـێت: «کاتێـک شـەوی بەختـەوەرەکان لـە شـەقامەکان کۆتایـی دەهـات، شـەوی شـوومی مـن دەسـتی پـێ دەکـرد».

نابینایەک شەڕێکی بەناوبانگی میژوو دەگێڕێتەوە!

لـە کاتـی دووەمیـن جەنگـی جیهانیـدا و بەدیاریکـراوی لـە کۆتایـی جەنگـدا و لـە سـاڵی ١٩٤٥ مامۆسـتایەکی ژن ڕوو لـە قوتابخانـەی گوندێکـی نزیـک بـە یۆنـان دەکات بـۆ وانەوتنـەوە بەنـاوی مامۆسـتا مارینـا، لەکاتـی وانەوتنـەوەدا چەنـد جارێـک قوتابخانەکـە و دەوروبـەری بەهـۆی جەنگـەوە بـەر هێرشـی بۆمبارانکردنـی فڕۆکەکانـی ئەڵمانیـا دەکەوێـت، ئـەو پۆلـەی مامۆسـتا وانـەی تێـدا دەڵێتـەوە، ژمـارەی قوتابییەکانـی حـەوت قوتابیـن، شـەش کـوڕ و کچێـک، بۆیـە بڕیـاردەدەن و ناچاردەبـن هەندێـک جـار بەهـۆی بۆمبارانـەوە قوتابخانـە جـێ دەهێڵـن و بـۆ خۆڕزگارکـردن مامۆسـتا و قوتابییـەکان ڕوو لـە ئەشـکەوتێک دەکـەن! مامۆسـتا یادەوەرییەکـی کاتـی خوێندنـی خـۆی لـە ئەشـکەوتەکە بـۆ قوتابییەکانـی

دەگێڕێتەوە و ئەوەیان بۆ باس دەکات، کاتێک خوێندکاری ئامادەیی بووە، پیاوێکی حیکایەتخوان هەبووە هاتووە بۆ خوێندنگەکەیان حیکایەتێکی سەرنجڕاکێشی مێژوویی گێڕاوەتەوە کە حیکایەتی ئەلیادە و ئۆدیسەی شاعیری نابینا هۆمیرۆسی یۆنانییە کە باس لە شەڕی تەرواده دەکات، بۆیە مامۆستا لە ئەشکەوتەکە هەمان کاری پیاوی حیکایەتخوانی سەردەمی خوێندکاری خۆی دەکات و دەست دەکات بە گێڕانەوەی حیکایەتەکە کە باس لە شەڕی تەرواده‌ی مێژوویی دەکات بۆ قوتابییەکانی کە لە ساڵی «٨٥٠ پ.ز» و نزیک بە سێ هەزار ساڵ پێش ئێستا ڕووی داوە.

شەڕی مێژوویی بەناوبانگی تەرواده لەنێوان شاری تەرواده و سپارتاییەکان، یان ئاکاییەکانیشی پێ دەوترێت لە یۆنانی کۆن ڕووەدات، ئەم شەڕە لەنێوان هەردوولایان ماوەی دە ساڵ دەخایەنێت، جیاواز لە شەڕە مێژوویەکانی تر و هۆکاری بەناوبانگی ئەم شەڕی تەرواده‌یە بۆ هۆکاری بەرپابوونەکەی دەگەڕێتەوە کە هۆکارەکەی ئافرەتێکە بەناوی هێلێنا! هێلێنا ئافرەتێکی زۆرجوان و سەرنجڕاکێش دەبێت بە جۆرێک لەو کاتەدا ١١٩ کەس لە دنیاوە داخوازی دەکەن، تا لە دواجاردا هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێک دەکات ئەویش پاشای سپارتا، یان ئاکییەکانە بەناوی مێنێلاوۆس، بەڵام ئەم هاوسەرگیرییە دە ساڵ جەنگ لەگەڵ خۆی دێنێت! باوکی هێلێنا بەجۆرێک ڕازی دەبێت هێلێنا هاوسەرگیری بکات، ئەگەر یەکێک هێلینای ڕفاند دوای هاوسەرگیری هەموویان دەبێت شەڕی ئەو کەسە بکەن، پاریسی کوڕی پریاموسی پاشای تەرواده سەردانی مێنێلاوۆسی پاشای سپارتا دەکات بۆ کارێک، بەڵام ئەم سەردانە دواتر شتێکی دیکەی لێ دەبێتەوە، ئەویش ئەوەیە عاشقی هێلینای خێزانی مێنێلاوس دەبێت و دەیڕفێنێت و دەیبات بۆ شارەکەی خۆی شاری تەرواده و لێرەوە سەرەتای جەنگی دە ساڵەی نێوانیان دەست پێ دەکات و ئاکاییەکان پەلاماری تەرواده دەدەن.

لە ماوەی جەنگەکەدا سەرکردەکانی هەردوولا هەموویان دەکوژرێن وەک هیکتۆری برای پاریس و پاریس خۆی و ئاگا مەمنوونی برای مێنێلاوس و مێنێلاوس خۆیشی لەگەڵ سەرکردە سەربازییەکانی تری هەردوولا، لە کۆتایی شەڕەکەدا ئاکاییەکان سەردەکەون بەسەر تەرواده‌ییەکاندا، دەتوانین بڵێین سەرکەوتنە بەسەر خوێندا بەهۆی ئەو کوشت و کوشتارەی ڕووەدا! ئەوەی بووە هۆی سەرکەوتنی ئاکاییەکان بەکارهێنانی تەکنیکە بەناوبانگەکەیانە لە جەنگدا کە ئەویش ناسراوە بە ئەسپە دارینەکە، یان ئەسپەکەی تەرواده، ئەویش ئەوەیە ئاکاییەکان ئەسپێکی دارینی گەورەیان دروست کرد و هەندێک لە شەڕکەرە زیرەک و ناسراوەکانیان چوونە سکی ئەسپەکەوە و لە بەرەکانی جەنگدا ئەسپەدارینەکە جێ دەهێڵن و پاشەکشەدەکەن، کاتێک تەرواده‌ییەکان ئەسپەدارینەکە دەبینن دەستی بەسەردا دەگرن و دەیبەنەوە بۆ تەرواده وەک دەسکەوتی شەڕ و

هێمای سەرکەوتن، کاتێک تەپوادەییەکان ئاهەنگی سەکەوتن دەگێڕن، چەکدارەکانی ئاکاییەکان بە هەڵی دەزانن و لە ئەسپەدارینەکە دێنە دەرەوە پەلاماری تەپوادەییەکان دەدەن و ئەو لەشکرەش پاشەکشەی کردووە، دێن بەدەمیانەوە و لە ئەنجامدا قەتڵوعامی تەپوادەییەکان دەکەن و سەرکەوتن بەسەر تەپوادە پادەگەیەنن.

«تیۆدۆر کالفیاتیدێس» نووسەری ڕۆمانی «شەپەکەی تەپوادە» زۆر بەجوانی لە ڕێگەی ڕۆمانەکەوە شەپی مێژوویی بەناوبانگی تەپوادەی تەوزیف کردووە، لەوانەیە هەموو خوێنەرێک نەتوانێت و قورس بێت کتێبێکی دووبەرگی قەبارە گەورەو ناوی کەسایەتی زۆر و ئاڵۆز بەشێوەی داستانی وەک ئەلیادە و ئۆدیسە بخوێنێتەوە و لێی تێ بگات، دەتوانین بڵێین کالفیاتیدێس لە ڕێگای ئەم ڕۆمانەوە ڕێگاکەی زۆر ئاسان کردووەتەوە، ئەوەندە سەرنجڕاکێش و چیژبەخشە و تێگەیشتنی ئاسانە لەو ڕۆمانانەیە ئارەزوو ناکەیت دایبنێیت تا تەواوی نەکەیت! «کالفیاتیدێس» جگە لەوەی ڕووداوێکی گرنگی مێژوویی کردووە بە بابەتی سەرەکی ڕۆمانەکەی، هەروەها پەیامی ئەوەش بە خوێنەر دەدات و دەیەوێت بڵێت جەنگ چ مااڵوێرانی و نەهامەتییەک لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، جەنگێک دە ساڵ لە پێناوی چیدا؟ لە دووەمین جەنگی جیهانیش قوتابخانەی ئەو گوندەی مامۆستا مارینا وانەی تێدا بە قوتابییەکان دەوتەوە، جەنگ وێرانی کرد!

ڕۆمانی «شەپەکەی تەپوادە» لە نووسینی «تیۆدرۆ کالیفاتیدێس»ـەو شاعیر و وەرگێڕی ناسراوی کورد دلاوەر قەرەداغی لە سوێدییەوە بە کوردییەکی جوان و پاراو وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لە بڵاوکراوەکانی «نێرگز بۆکستۆر»ـە، ساڵی ٢٠١٩ بە قەبارەی ٢٤٩ لاپەڕە چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

دوو دڵدار لە ئەرەبخا

«گەمژەیی مارکیز» هەرچەندە بە قەبارە بچووکە، بەاڵم ڕۆمانێکی سەرنجڕاکێش و گرنگەو لە ناوەڕۆکدا هەاڵگری مانای قووڵە، ئەم ڕۆمانە لە لایەن ڕۆماننووس و ڕەخنەگری شانۆیی (دوکتۆر عەواد عەلی)ـەوە نووسراوە، ڕۆمانەکە وەرگێڕی هێژا و ناسراو «سەباح ئیسماعیل» وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و قەبارەی ڕۆمانەکە ١٧٣ لاپەڕەیە. ناوونیشانی ڕۆمانەکە بۆ خۆی ناوونیشانێکی سەرنجڕاکێشە «گەمژەیی مارکیز» وەها لە خوێنەر دەکات هەر کتێبەکە ببینێت ڕاستەوخۆ دەست بکات بە خوێندنەوەی و بپرسێت مارکیز بۆ گەمژەیە؟ وەک دیارە گابریل گارسیا مارکیز یەکێکە لە ڕۆماننووسە بەناوبانگەکانی جیهان کە لێرەدا بووە بە گەمژە!

ڕۆمانی «گەمژەیی مارکیز» باس لە جەنگ و عەشق و قبووڵکردنی جیاوازی و ئایینییەکان دەکات لە ئێراقدا و بەتایبەت لە شاری کەرکووک کە ڕۆماننووس ناوە مێژووییەکەی کەرکووک



بەکاردێنێت ئەویش «ئەرەبخا»یە ، ڕووداوەکان لە کۆتایی جەنگی ئێراق و ئێرانەوە دەست پێ دەکات تا ساڵی ٢٠٠٩و شوێنی ڕووداوی سەرەکی لە ڕۆمانەکەدا کەرکووک و دیانە و چیای حەسارۆست و ڕەواندز و چەند شوێنێکی دیکەیە. سەلمان بەدری عەرەب پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکەیە کە خوێندکاری کۆلێژی زمانە لە بەشی ئیسپانی، سەلمان دەبێتە سەرباز و دەینێرن بۆ بەرەکانی جەنگی ئێراق و ئێران، لەوێدا دوو کەس دەناسن و دەبنە هاوڕێی ئەوانیش فەرهاد کە کوردە و خوێندکاری فەلسەفەیە لەگەڵ مووراد کە کەسێکی بە ڕەگەز تورکمانە، ئەم سێ کەسە جیاوازی نەتەوەییان وای نەکردووە درز بکەوێتە نێوانیان، بەڵام جەنگ و سیاسەت بۆ ماوەیەکی زۆر لە یەکتری کردن، سەلمان دەکەوێتە دەست ئێرانییەکان و بۆ ماوەی بیست و سێ ساڵ دەبێتە دیل، فەرهادیش دوای جەنگ و ساڵانی نەوەت دەڕوات بۆ هەندەران و لە سوێد دەگیرسێتەوە و مورادیش لە کەرکووک دەبێ. سەلمان عاشقی خوێندنەوەی کتێبەکانی مارکیزی ڕۆماننووسی جیهانی و کۆڵۆمبیە دەیەوێت وەک ئەو ببێتە ڕۆماننووس و چۆن مارکیز لە بەشێک لە ڕۆمانەکانی تۆندوتیژی و جەنگ بە نەرێنی باس دەکات و بە پێچەوانەوە بایەخ و گرنگی بە عەشق و خۆشەویستی دەدات، سەلمانیش دەیەوێت وابکات، بەڵام بەردەوامی جەنگ و تۆندوتیژی ئەو خەونەی لەباردەبات!

سەلمان پێش ئەوەی بۆ بەرەکانی جەنگ بڕوات کە ئەوکات خوێندکاری قۆناغی دووە، لە ئاهەنگی سەری ساڵدا لە کەرکووک دەکەوێتە داوی خۆشەویستی کچێکی تورکمانەوە بەناوی «نورهان» و عاشقی دەبێت، پێوەندییەکانیان بە شێوە و ڕێگەی جیاواز بەردەوام دەبێت تا ئەو کاتەی سەلمان ڕوودەکاتە بەرەکانی جەنگ، ئیتر لەو کاتەوە پێوەندی نامێنێت و سەلمانیش بە نامەیەک نورهان بێ ئومێد دەکات و پێی دەڵێت هاوسەرگیری بکات، چونکە لە گەڕانەوە بێ هیوا دەبێت، نورهان مێرد دەکات و کچێکی دەبێت بەناوی سۆفیا ئەو ناوەی کە سەلمان هەڵیبژارد و لە کاتی پێوەندی خۆشەویستییەکەیان و بە نورهانی وت ئەگەر کچمان بوو ناوی دەنێین سۆفیا کە لە پاڵەوانی یەکێک لە ڕۆمانەکانی مارکیزەوە وەرگیراوە! شاهینی مێردی نورهان لە تەقینەوەیەکدا دەکوژرێت، وەک سۆفیای کچی دەیگێڕێتەوە دایکی هەمیشە بیری لای سەلمان بووە، بەردەوام نورهانی دایکی کێشەی لەگەڵ باوکیدا هەبووە و بەخەیاڵ بەردەوام بیری لای سەلمان بووە، ڕۆمانەکانی مارکیزی هەمیشە بەدەستەوە دەگرت و هەستی دەکرد سەلمان لێوەی نزیکە! دوای بیست و سێ ساڵ، سەلمان دەگەڕێتەوە کەرکووک، پێشتر دەنگۆی کوژرانی بڵاوبووەتەوە و نورهانیش لێی بێ ئومێد بووە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٩ سەلمان تەلەفۆن بۆ نورهان دەکات و خۆی دەناسێنێت و نورهان تووشی شۆک دەبێت و لەنێوان پاستی و ناڕاستی دۆش دادەمێنێت، ڕێک دەکەون و چەند جار کات دادەنێن بۆ ئەوەی یەکتر ببینین، بەڵام ڕووداوەکان پێچەوانە دەبنەوە، نورهان لەماڵی خۆی چاوەڕوانی سەلمان دەکات، کەچی هەرنایەت تا هەواڵی ئەوەی پێ دەگات سەلمان لە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکادا کوژراوە و دەچێت بۆ نەخۆشخانەی جمهوری کە هاشمی بۆ سەلمان لەوێیە و ئەویش بریندارببووە، بە نورهان دەڵێت سەلمان خەونی بە نووسینی ڕۆمانێکەوە دەبینی و دەیویست ناوی لێ بنێت «دوو دڵدار لە ئەرەبخا».